پەیڤێک لە ڕێبازەوە | بەشی سێیەم

عیبرەت لە ناوەڕۆک و مانادایە نەک لە ناو و ڕوخسار

خوای گەورە دەفەرمووێت: "وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّاً شَيَاطِينَ الْأِنْسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُوراً وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ (١١٢) وَلِتَصْغَى إِلَيْهِ أَفْئِدَةُ الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ وَلِيَرْضَوْهُ وَلِيَقْتَرِفُوا مَا هُمْ مُقْتَرِفُونَ (١١٣)" (الأنعام).

زۆر لە خەڵکی فریو دەخۆن بە ناونیشانە بریقەدارەکان، وە دڵیان بۆ ئەو لافیتە گەورە و ڕازاوانە دەچێت کە وڵات و ڕژێمەکان بەرزی دەکەنەوە، وە ساویلکە کورتبینەکانیش فریو دەخۆن بەو ناو و ناونیشانانەی کە تایەفە و فیرقە و جەماعەتەکان خۆیان پێناو دەنێن و وەسف دەکەن، وە ئەو جەماعەتانە ڕازی دەکەن بەبێ ئەوەی سەیری حەقیقەتی ئەو جەماعەتانە و حەقیقەتی ناو و ناونیشانیان بکەن، وە هەر ئەوەشە دەبێتە هۆی ئەوەی فریو بخۆن و کارەکانیان لێتێکەڵ ببێت و لەوانەیە زۆربەیان تووشی لادان لە ڕێباز و نەناسینەوەی ڕێگەی موسوڵمانان و ڕێگەی تاوانکاران ببن.

بۆیە زۆر لە شەیتانەکانی جنۆکە و ئینسان پیشەیەکیان گرتۆتە بەر؛ کە بریتییە لە ڕازاندنەوەی ناوەکان و گەورەکردنی لافیتە و بریقەدارکردنی و ناونانی بە غەیری ناوە ڕاستەقینەکەی خۆیەوە، بۆ ئەوەی شوێنکەوتووەکانیان لە ڕێی حەق و ڕاستی لا بدەن و دووریان بخەنەوە لە ڕێباز.

فرتوفێڵی ناونانی شتەکان بە غەیری ناوە ڕاستەقینەکانیان؛ سوننەتێکی ئیبلیسی و ڕێگەیەکی شەیتانییە، چونکە یەکەم کەسێک کە ناوەکانی ڕازاندەوە و یاری پێکرد بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بشێوێنێت و ئینسان هەڵبخەڵەتێنێت؛ ئیبلیس بوو، وە ئەو خاوەنی ئەم سوننەت و ڕێگایەیە کاتێک درەختی دەرکردن و بێبەشبوونی بە درەختی (نەمری و سامانێک کە لەناو ناچێت) ناوبرد، بۆ ئەوەی باوکمان ئادەم (عليه السلام) فریو بدات، وە کەسانی دووڕوو و دوژمنانی شەرع بەدوای ئیبلیس کەوتن لەسەر ئەو ڕێگەیە و بە ڕێبازی خۆیان دانا.

وە هەروەها خوای گەورە باسی دووڕووەکان دەکات؛ کاتێک ئەم یارییە پیسە ئەنجام دەدەن، هەر لە کۆنەوە کە دەڵێن: "وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ" (البقرة: ١١)، ئا لێرەدا فەسادیان بە چاکسازی ناوبردووە.

خوای گەورە دەفەرمووێت: "أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلالاً بَعِيداً (٦٠) وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنْكَ صُدُوداً (٦١) فَكَيْفَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ثُمَّ جَاءُوكَ يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ إِنْ أَرَدْنَا إِلَّا إِحْسَاناً وَتَوْفِيقاً (٦٢)" (النساء).

وە لێرەدا پەنابردنی خۆیان بۆ حوکمی تاغووت بە ئیحسان و تەوفیق ناوبردووە!

ئەمە نەریتی هەموو تاغووتێک و ئەوانەشە کە لەسەر ڕێبازی ئەوانن، کوفر و ئیلحاد بە ئیمان و ئیحسان ناو دەبەن، وە لادان و فەسادکارییەکانیان بە چاکسازی و ڕێنموونی ناو دەبەن، وە تیرۆر و تۆقاندنی

بەندەکانی خوا و سەرشۆڕکردنیان بە ئاسایش و خزمەتی گەل ناو دەبەن! وە لە بەرامبەردا جیهادی موەحیدان و بانگەوازەکەیان بە تێکدان و شێواندنی ئەمن و بە تیرۆر ناو دەبەن!

وە لە کۆندا فیرعەون دەربارەی موسا و بانگەوازەکەی وتوویەتی: "إِنِّي أَخَافُ أَنْ يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَنْ يُظْهِرَ فِي الْأَرْضِ الْفَسَادَ" (غافر: ٢٦).

وە بەم شێوەیە ڕیبایان ڕازاندۆتەوە و ناویان ناوە بە چەندین ناوی سەردەم، وەکو سوود و قازانج بۆ ئەوەی بە حەڵاڵی دابنێن، هەروەها مەی و ئارەقیان بە خواردنەوە ڕۆحییەکان ناوبردووە.

وە لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە: "يشرب ناس من أمتي الخمر يسمونها بغير إسمها"، واتە: (کەسانێک لە ئوممەتەکەم مەی دەخۆنەوە، بە غەیری ناوی خۆی ناوی دەبەن).

وە ئێمە دەبینین لە سەردەمی خۆماندا زۆر لە جەماعەت و فیرقە و تایەفەکان ئەم سوننەتانە پەیڕەو دەکەن بۆ برەودان بە بیدعەکانیان، لەژێر ناوی دۆستایەتی و خۆشەویستیی "آل البيت" و بەم ناوە جوانە و بەم لافیتە ڕازاوەیە ڕافیزەکان برەو بە ناڕاستییە پانەکانیان دەدەن و دەڵێن کە قورئان گۆڕاوە و تانە و تەشەر لە ناموسی خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ دەدەن و جمهووری هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بە کافر دادەنێن، هەموو ئەمانە لەژێر ناوی خۆشەویستیی "آل البيت" و بە بیانووی دۆستایەتیکردن و پارێزگاریکردن لێیان!

وە لەو فیرقانەدا هەیە کە عەقیدەی کوفری وەستاو لەسەر ئیتتیحاد و حلول بە تەوحید ناو دەبات!

وە هەیانە برەو بە باگلەکەی خۆی دەدات لە ڕێی ڕەتکردنەوەی هەندێک لە سیفەتەکانی پەروەردگار!

وە لە گومڕاکانی سەردەمی خۆمان هەیە دیموکراسیەت بە شووڕا ناو دەبات و وەسف دەکات؛ بۆ برەودان بە دیموکراسیەت لەنێوان عەوامی موسوڵمانان و بۆ گومڕاکردنیان!

وە هەیانە حاکمانی هەڵگەڕانەوە و تاغووتانی کوفر بە وەلی ئەمر وەسف دەکات و ناو دەبات، بۆ ئەوەی خەڵکی بخاتە گوێڕایەلیکردن بۆیان و بیان بات بۆ دۆستایەتیکردنیان.

وە هەیانە بانگخوازانی تەوحید و موجاهیدان کە لەسەر تاغووتانی کوفر دەرچوونە بە تەکفیری و خەواریج ناو دەبات! وە ڕێبازە ئینبیتاحییەکەی خۆی بەرامبەر بە تاغووتانی کوفر بە سەلەفیی ئەثەری ناو دەبات، بۆ ئەوەی خەڵکی لە دەعوەی تەوحید دوور بخاتەوە و خەڵکی هان بدات بۆ گەیشتن بە تاغووتەکان!

وە ئەم ڕێبازە حکومەتەکان بە چاکی دادەنێن، هەروەها زۆر جاریش بەکاریان هێناوە، هەتاوەکو زۆر سەیرم هات لە جورئەتی موحەققیقێکی گەورە لە فەرمانگەی هەواڵگری، کاتێک جنێوی بە دین و عەقیدەکەم دەدا بە ناشرینترین وشە، پاشان تێگەیشت، کاتێک سەیری دەموچاوی کردم وتی: (من جنێو بە عەقیدە و دینی ڕاستەقینە نادەم، بەڵکو جنێو بە دینی تۆ دەدەم، دینی تۆ غەیری دینی ڕاستەقینەیە، تۆ زەندیقی)!

ئەگەر ئەم یاریکردنە سوودی هەبووایە بۆی؛ ئەوا پێش ئەو سوودی بۆ گەورەکەی ئیبلیس دەبوو، لەمەوە پێویستە قوتابیی حەق شوێن ناو و زەخرەفە نەکەوێت، هەتاوەکو سەیری ڕاستییەکانی دەکات و لافیتە گەورەکانیش فریوی نەدەن، هەتاوەکو سەیر دەکات چییان لە پشتەوەیە، حەقیقەت و ماناکانی نەک ڕوخسار و ناوەکانی لە تەرازووی شەرع بدات، تەرازووی تەوحید؛ ئەو تەرازووەی کە لە گشت تەرازووەکانی تر جیامان کردەوە لە جاری پێشوو، وە دڵی بۆ ئەو زەخرەفانە نەچێت و پێیان ڕازی نەبێت، وە ئەمەش لە پێناوی ئەوەی خۆڕاگر بێت لەسەر ڕێگە و لا نەدات و ڕێبازەکەی لێنەشێوێت، بۆیە:

عیبرەت لە ناو و ڕوخساردا نییە
بەڵکو عیبرەت لە ناوەڕۆک و مانادایە

نووسینی: شێخ ئەبوو موحەممەدی مەقدسی | وەرگێڕانی: پێشەنگ عبد الله